# فرمێسکە قەتیسماوەکانی چاوی خالقی ،

لە نەغمەی بولبولەکانی سەر ڕێمدا ئەتبیستم
لە کردنەوەی دەمی خونچەی بەهاران و
لە باڵی فڕینی پەڕەسێلکە کاندایت
هەموو بەیانێکیش
لە ئاسۆی ئەم گەلەدا ئەتبینم،
ئەتبینم و پێ ئەکەنی
دەست لە گەردنی نەغمە سۆزی
سێوە و خارە تایەر
بۆ بەهاری ساڵ سەما ئەکەی،
تۆ چوار وەرزە بەهارێك بووی
لە بەستەڵەکی هونەری گۆرانی کوردیدا
نێرگزی ئاوازێکت ئەچاند
ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی هونەر بووی
شەوقت ئەدا بەڕووی ئاڵی دڵداردا و
بەسەر قوبەی باواجییەوە
لوتکەی بڵندی هونەری مۆسیقا و
گۆرانی کوردی بووی،
ئەمێستاش نامۆی کۆڵانەکانی لەندەن و
خەمێکی گریاوی دوور لە هەتاوی
بە دەم وون بوونی خۆتەوە شانۆی
دوو دڵۆپ فرمێسکی نامۆ و قەتیسماوی،
تۆ ئێستا خەمێکی لە خۆدا پیش خواردو و
چۆلەکەی ئاوازێکی باڵ کراویت
تیلەت هاوارێکی پڕ گلەیی و سەرسامییە
بەدەم شنەی بای تەمەنەوە
ژێی کەمانێکی خنکێنراویت،
زایەڵەی گلەییەکیت
لەدەرگای ئاسنینی عەشایەرگەریوو
لە هەستی ڕەق وەك بەردی
سیاسەت مەنداران ئەدەیت،
ئەی خالقی لەهەر کوێ بی
با خەڵوەتی زایەڵەی تۆ
ڕێبەری ژیانمان بێ
با کۆڕی سەمای گۆرانی و مۆسیقات
هەر گەرم بێ و
بۆ خانەبەندانی ئەم یادەش
دیدە غوڵام و دیدە حەیران و
دیدە خاکی بەر پێت بێ،

پۆلا سەعید